بەغدا.. دەستگیرکردنی باندێکی دزیکردن و ڕفاندن کە ١٠ تاوانیان ئەنجامداوە



فەرماندەیی پۆلیسی بەغداد/کەرخ، ئەمڕۆ چوارشەممە، دەستگیرکردنی باندێکی دزیکردن و ڕفاندن ڕاگەیاند کە ١٠ کردەوەی تاوانکاریان ئەنجامداوە.

فەرماندەییەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: "بەشی نەهێشتنی تاوانی گشتیی جامیعەی سەر بە پۆلیسی بەغداد/کەرخ، توانی دوو تیمی تبار دەستگیر بکات کە بە مترسیدارترین ئەنجامدەرانی کردەوەکانی ڕفاندن و دزیکردن دادنرێن، کە ماتریسکیلەکیان بە ئەنجامدانی تاوانەکانیان بەکارهێناوە و هاوڕاتیانیان لە ناوچە جیاجیاکانی لای کەرخ کردووەتە ئامانج."

بەیاننامەکە ئاماژەی بۆ کردووە: "پشکنینی دەستگیرکردنەکە دوای هەوڵگریی بۆنە و بەدواداچوونی مەیدانیی ورد بە جووڵەکانیان هات، کە تێیدا چاودێری کران و شوێنپێیان هەڵگیرا تاوەکو بڕیاری فەرمانی دادوەری دەستگیرکران."

هەروەها هاتووە: "لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا، تیمبارەکان بە ڕاشکاوی دانیان بە ئەنجامدانی 10 تاوانی جەراوجەری ڕفاندن و دزیکردندا نا لە سنووری بەرپرسیارێتییەکیاندا، و دانپێدانانەکانیان بە شێوەیەکی یاسایی تۆمار کران.